# تیشکی سەوز بۆ هەمەگیربوونی
# جەنگی ناوخۆ!

## (سەبارەت بە پڕۆژە بڕیاری دابەشکردنی عێراق لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکاوە)

**حەمەغەفور**
hamaxafoer@yahoo.com

ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا لە 26ی ئەم مانگەدا بە زۆربەی دەنگ پڕۆژەبڕیاری دابەشکردنی عێراقی لەسەر بنەمای تائیفیو قەومیو ئیتنیکی بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی بەسەر کوردو شیعەو سوننەدا پەسەندکرد. ئەم بڕیارە بەر لە هەر شتێک بەرەسمی ناسینو دانپیانانە بە شکستی سیاسەتەکانی ئیدارەی ئەمریکادا لە عێراق. بە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوەو بیروڕا گەوجانەوە کە پێیوایە ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای قەومیو ئیتنیو تائیفیو دینی ، عەینی بەهەشتی دیموکراسیو تولیرانسیو یەکترقبووڵکردنو بەدیهاتنی خەونو هیواکانە لە شوێنێکی وەکو عێراقدا، درووست گێڕانەوەی کۆمەڵی مەدەنیو هاوچەرخە بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا. پاشەوپاش گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی خێڵو هۆزو تیرەچێتیو عەشیرەگەریو قەعری جەهلو دواکەوتوویی.

بەر لە چوار ساڵ هەر ئەم ئەنجوومەنی پیرانە لەپێناوی ملهوڕینوواندن بەسەر دنیادا نەک بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری وە نەک بەمەبەستی بەرقەرارکردنی دیموکراسیو ئەم شتانە، بڕیاری هێرشو پەلاماری سەربازی بۆ سەر عێراق پەسەندکردو ئیدارەی جۆرج بۆشی سەرپشککرد بۆ وەشاندنی قورسترین گورزی سەربازی. بێگومان دەشیانزانی ئەو جەنگە لەگەڵ خۆیدا سەدان هەزار کەس لە خەڵکی سڤیلو بێچارە دەکاتەقوربانیو سەرتاپای بنەمای ئابووریو کۆمەڵایەتی عێراقیش لەبەریەک هەڵدەتەکێنێ. بەڵام بۆ سەپاندنی مەوقعیەتی پۆلیسی جیهان هێزنوواندنو بەکاربردنی زەبروزەنگ بە ئەوپەڕی دڕندایەتی خۆیەوە پێویست بوو. جەنگی داگیرکاری عێراق ئەنجامدانی وەحشیانەترین تیرۆریزمی دەوڵەتی بوو. ئەم هەنگاوە ڕێگای خۆشکرد بۆ داروودەستەی ئیسلامیو قەومیو تائیفی کە بەزەبری چەکو میلیشیاکانیان هەویەی غەیرە ئینسانی ببڕن بەسەر هاووڵاتیاندا. ئەمریکا ئەوکات بەپاڵپشتی تەپڵوزەنای لابردنی دیکتاتۆری عێراقو بەرپاکردنی بەهەشتی دیموکراسی جەنگی داگیرکردنی خۆی ئەنجامداو سەرەنجام بینیمان چۆن کۆنترۆڵی ڕەوشی سیاسیو کۆمەڵایەتی دایە دەستی ئەم هێزە دینیو تائیفیو قەومیانە لەپێناوی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆیدا. ئامانجی ئەمریکا بۆ بەدەسهێنانی سەروەری دنیا بوو، لەم پێناوەشدا هیچ کات سڵی لەوە نەکردبووەوە کە ئەم هێزو عەسابە ئینسانکوژانە چی بەسەر چارەنووسی ئەم خەڵکە دێنن. ئێستاش دیارە بەدوای شکستی سیاسەتەکانیدا ترسناکترین پلانی خستۆتە بەردەم ئەو هێزانە کە ئەبعادەکانی مرۆڤایەتی دەتۆقێنێ.

لە هەمانکاتدا ئەم پلانە بڕیارێکی کۆنەپەرستانەیەو دژی تەواوی پێکهاتەکانی خەڵکی عێراقە بەشێوەیەکی گشتی. کۆنەپەرستانەیە چونکە ناسنامەی ئینسانیو هاووڵاتیبوون لە جەماوەری خەڵکی عێراق زەوتدەکاو مۆرو هەویەی درۆزنانەی دینیو قەومیو تائیفی دەنێ بە نێوچاوانیانەوە. دژی خەڵکی عێراقە لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی خواستو ئیرادەی خۆیانەوە وە لەپێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵێک عەسابەو ئینسانکوژی قەومپەرستو تائیفەچیو ئیسلامیستدا لەیەک دادەبڕێنرێنو نەک هەر ئەوەش بەڵکو بە بەرجەستەکردنی مەیلو نزوعی پیسو دواکەوتووانەی دینیو قەومیو تائیفی ئەیانکەن بە دوژمنی خوێنەخۆری یەکتریو شەڕی هەمەجیو پاکسازی هاوشاریو هاووڵاتی دوێنێی یەکتریان بەدەستی یەکتر پێئەنجامئەدەن.

له ئاكامی سیاسەتی داگیركاریو كۆنەپەرستانەی ئەمریكادا بەكردەوە خەڵكی عێراق ئەو ناسنامە نائینسانیانەیان بەباڵادابڕاو كۆمەڵێك دەستەو تاقمی ئیسلامیو تائیفیو قەومی لەناو كایە سیاسیەكانی پیرانی ئەمریكادا كرانە ڕەمزو ڕابەری بنیاتنەرەوەو سازدەرەوەی عێراق لەسەر بنەمای قەومو دینو تائیفەو..تد. له چوار ساڵی ڕابردوودا به عەمەلی كۆمەڵگاو خەڵكی عێراق خزێنراونەتە ناو كارەساتی بەردەوامو جەنگو دەعوای تائیفیو پاكسازی لەسەر ناسنامە لەپێناوی دەسەڵاتی زیاتر بۆ ئەو هێزانە. گەورەترین ژمارەی هەڵاتووانی جەنگو نیزاعو نائەمنیوماڵوێرانی له ئاستی جیهاندا له عێراق تۆماركراوە. نزیكەی 6ملیۆن كەس ئاوارەو دەربەدەر بوون. ڕۆژانەش دەیان هەزاری دیكەیان پێوە پەیوەست دەبێ. هەر وەک له پلانەكەی (جۆزێف بایدن)یشدا باسیكردووە ئەوەی دەربەدەربووە بووە، ئەوەشی ماوەتەوە ناوێرێ لەماڵ بچێتەدەرو لەواقعدا له ماڵەكەی خۆیدا زیندان كراوە. ڕۆژانە سەدان كەس دەبنە خۆراكی ئەم نیزاعە تائیفیو قەومییە. خێروخۆشی دیموكراسییە تەسدیركراوەكەی بۆشو ئەمریكا ئەمەیە كە دەیبینین!

تائێستا هێشتا هەموو جیهان بەجۆرێک له جۆرەكان چاویانبڕیوەتە دەربازبوونی ئەم وڵاتە ستراتیژیە لەم تەنگژە سیاسیو قەیرانە سەرتاپاگیرە! ئەوە دیار نییە كە كام هێزو بەدیل بەم كارە هەڵدەسێ، بەڵام ئەگەر تا چەند ڕۆژ پێشتر هێشتا كەسانێک ئومێدیان به ستراتیژو سیاسەتی ئەمریكاوە گرێدابێ، ئێستا ئیتر بەرەنجامی گەوجێتیان تووشی نائومێدییەكی قووڵیان دەكات. چونكە بڕیاری پێشنیاری دابەشكردنی عێراق لەلایەن ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریكاوە بە واتای هەڵكردنی تیشكی سەوزە بۆ هەمەگیربوونی ئەو جەنگە ناوخۆییەی بڕستی لەبەر ژیانی ئاسایی كۆمەڵگایەكی 26ملیۆنی بڕیوە. شەرعییەت دەدات بەو نیزاعو یەكتربڕینەوە ئیتنیو تائیفییە. بەبڕوای من تەشەنەكردنی ئەو جەنگە نەک هەر له ئاستی ناوخۆی عێراقدا بەڵكو ئەگەر بەرپێنەگیرێ سەرتاپای ناوچەكە دەگرێتەبەرو كارەساتی تەسەورنەكراو له هەكبەیدایە بۆ مرۆڤایەتی كە ئەمەی ئێستا به كایەی مناڵان دێتەبەرچاو لەچاویدا.

سەبارەت به كوردستان لەم بارەوە، ناسیونالیزمی كوردو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، یەكێتیو پارتی وەكو هەنگیان دۆزیبێتەوە دایان له هەڵلاو پێشوازی گەرمیان كرد لەم بڕیارە كۆنەپەرستانەیە! بێگومان بەپێی باكگراوندی سیاسی ئەم حیزبانەو مێژووی بزووتنەوەكەشیان وەكو حەرەكەیەكی قەومپەرست، كۆنەپەرستو كۆنخوازن. بزاوتی ئەوان وەكو شۆڤێنیزمی میلیو شۆڤێنیزمی ئیسلامیو ئەوانی تر تەنها لەناو جیهانی كۆنو میراسی كۆندا دەتوانێ درێژەبدا بە بوونی. زیاتر له 16ساڵە خەڵكی كوردستان به هەموو زمانو شێوازێک داوای سەربەخۆیی دەكاتو ئەوان بەرپێدەگرن. ئەوان پێشوازی لەم بڕیارەی ئەنجوومەنی پیران دەكەن چونكە بڕوایان به سەربەخۆیی كوردستان نییە! ئەوان باش دەزانن دابەشكردنی عێراق دەستیان له كایەی سیاسی دیكەو دەعواو جەنگی قەومی گیردەبێ كە دەستیان واڵادەكاتەوە بۆ سەركوتی خواستی سەربەخۆییو نارەزایەتی سەرتاپاگیر له دژی دەسەڵاتی تاڵانچیو گەندەڵیان. شەڕو كێشەی قەومیش بواریان بۆ دەكاتەوە كە بەزەبری میلیشیاو هێزی چەكداریان هەروا سواری قەڵپۆزی نەزعەی قەومپەرستی بنو جەماوەریش بەدوای سیاسەتە دژی خەڵكییەكانیاندا ڕاكێشن. هەم له كوردستان دەسەڵاتدارو سەروەر بن، هەم لەئاستی عێراقیشدا جەنگی قەومی لەسەر نەوتی كەركوک بەرپابكەن. ئەوانیش لاسایی ئەنجوومەنی پیران دەكەنەوە. بۆ ئەنجوومەنی پیران ئەوە مەسەلە نییە بەهۆی ئەم بڕیارەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بتلێننە ناو جەنگو دەعواو كارەساتی پاكسازیی ئینسانەكانەوە، گرنگ ئەوەیە پاشەكشەبكەن به هێزەكانیان بێئەوەی ئابڕوویان بتكێ، یانی ملهوڕیونوواندنو مەزنخوازیان ڕیسوا نەبێ! بزووتنەوەی كوردایەتیش بەبای خەیاڵیدا نایە چ ئاگرێک بەرپادەبێ لەسەر نەوتی كەركوک وە كوردستان دەئاڵێتە چ گێژاوێكی بێئەمانەوە، گرنگ ئەوەیە مەزنخوازیو ملنەدانی قەومی سایەی هەبێ بەسەر موقەدەراتی كۆمەڵی كوردستاندا. هەرێمی كوردستانی فیدراڵو عێراقی فیدراڵ تەلیسمی چنگ گیركردنی ئەم حیزبانەو شەریكە شیعەكانیانە له دەسەڵاتو موقەدەراتو داهاتی ناوچەكانی ژێردەستیان.

بەڵام سەربەخۆیی کوردستان دەروازەی هەڵکشانە بە عەکسی ئامانجی کۆنەپەرستانەی بزووتنەوەی ناسیونالیستییەوە، بەئاراستەی ڕزگاریو ئیستیقرارو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادو سکۆلارو ناقەومیدا. کۆمەڵگایەک مناڵان تیایدا وەکو ئینسان ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێو خەبەر لە کوشتنی ژنانو کچان نەمێنێو گەنجان سەری خۆیان هەڵنەگرنو ڕوونەکەنە مادە بێهۆشکەرەکان. درمی کۆلێرا لە هەزارەی سێهەمدا تەنگ بەژیانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی وەکو کوردستان هەڵنەچنێ! بێگومان سەربەخۆییش لەڕێگای ڕاپرسییێکی ئازادەوە بەدیدێت کە خەڵکی کوردستان خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. کۆسپی سەرەکی بەردەم سەربەخۆیی کوردستان خودی ناسیونالیزمی کوردە لە زاتی ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارەدا، دوای ئەوان شۆڤێنیزمی قەومی عەرەبیی پلە دووە لە ڕەتکردنەوەی سەربەخۆییدا. بەڵام پلانی فیدراڵی عێراق خواستی سەربەخۆیی کوردستان دەکاتبەژێرەوە بۆ درێژخایەن.

2007/10/1